# (کتێبی درۆ)ی فوهر

ئازاد خدر

بیرکردنەوە، دایەلۆگ، گۆشەنیگا، یان راستبێژی دڵ و چەمکە خێرخوازو خێر ئامێزەکان، هەر بە(چەواشەکار) مانەوە، چونکە گەڕان بەدوای بیروبۆچوونێکی رۆشنبیریدا بەتەواوی گۆڕاو بوو بە نووسین و تێگەیشتن و لێکدانەوەی کارە ئەدەبییەکان. هەرچۆنێک بێت، تێزە ئەزموونگەراییەکەی ئەدەب هەر بەتەواوی یاساکانی ئەدەبی چیرۆکنووسینی سەراوژێرکرد: لێرەدا چۆیس، س. چۆیتەرس، شتاین، دێنەوە بیرمان لەناو ئەوانی دیکەدا. ئەم وتارەم ناونیشانی پرسیارێکە لە رۆڵ و گرنگی فۆرم لە دەقی ئەدەبیدا، کە دەبێتە هۆی کۆتایی نەهاتنی ئەم دەقانەو ماناکانیان. دوا رۆمانی (پۆل فوهر): (کتێبی درۆ The False Book) ئەوەمان بۆ راڤە دەکا: چۆن ئەو پرسیارەی سەرەوە ناشرین دەبێ، چونکە زمانی یاخود زمانەوانی خۆڕسک ژێر نییەو چەواشەکارە، بیرۆکەی مانا Signification لەمبارە تایبەتییەدا کە یارمەتی زمانەوان دەدات، دەتوانین وەک ستراتیژێک تێبگەین بۆ شتە نەزانراوەکانی UN Compreh ence کە ناوی (یۆتۆپیای نشوستی)یەو ئەلتەرناتیڤێک بۆ هێنانەدی (راستی) سازدەدات. (پۆل فوهر)، مامۆستاو رۆمانووس لە ساڵی ١٩٢٧دا لە (میونیخ) لە دایکبووە، لە باوکێکی نانەوا، لە شەستەکاندا دەستی کرد بەچاپکردنی ئەم کارانە: کتێبەکانی منداڵ، خەلاتی شانۆگەرییەکانی رادیۆ، شیعر، کتێبێک کە ناوی (دژی میونیخ) بوو لە ساڵی ١٩٧٠دا لە چاپیدا، دوا کتێبیش رۆمانێکی یادگارییەکە پتر لە ٧٠٠ لاپەڕەیەو لە ساڵی ١٩٧٠وە دەستی پێکردووەو لە ساڵی ١٩٨٣ لە چاپیداوە، (کتێبی درۆ) وێنەیەکی فۆتۆگرافی لە هەفتەنامەی (Dieziet)دا لە بەرواری کانوونی دووەمی ١٩٨٤ی لەسەرە، نووسەرەکە نمایشدەکات کە تیایدا خواربۆتەوە سەر کێلێک کە ناوی رۆمانەکەی لەسەر نووسراوەو گەڵای پاییزیش خەرمانەی داوە، بەسەر قاچەکانیدا. یەکەم رۆمانی

(فوهر) لە ساڵی ١٩٨٤دا خەڵاتی شاری (بریمن)ی ئەدەبی پێبەخشراوە، هیچ کاریکی ئەم نووسەرە وەرنەگێڕدراوە، یان سەرنجی رەخنەگرانی رانەکێشاوە بۆ خۆی لە دەرەوەی ئەڵمانیادا. خوێنەری رۆمانەکانی (فوهر) هەست بەتوندوتیژی و چالاکی و نیگەرانییەکی زۆر دەکات کە هۆیەکەی بۆ رەوانبێژی چڕوپڕو رەوانەکەی دەگەڕێتەوە کەوا دیارە کاریگەری بەهێزی هەبوو. بەسەر نووسەردا، هەرچۆنێک بێت، تۆپۆگرافیا نائاساییەکەی رۆمانەکە وا لە دەروازەکانی پەخشانەکەی دەکات لە ناکاو بتەقێنەوە بۆ چەند لوولەکێکی فرە دەنگی -Multi phone و (یاری) پراکتیکی: گۆڕانی هەست بۆ ناهەست کە ژینگەکەی پێکهاتووە لە گۆڕانی بەردەوامی هەستەکان کە دەبێتە مایەی خەونێکی بەپێز، هەڵوەشانی زمان تەنها وشەکان پەرت ناکات، بەڵکو مانا ئاڵۆزەکانیش پێکەوە کۆدەکاتەوە، نووسەر ئەمەی بەبەکارهێنانی دەستەواژەی Shachtelsatz ئەنجامدەدات کە وەک (سندووقی چینییە)تەنها لەو کاتەدا مانا دەبەخشێ کە مانایەکی دیکەی پێکچووی هەمیشەیی و پێچەوانەی هەبێت لە هەمان کاتدا. خوێنەر یەکسەر هەستدەکا شتێکی نادیارو ئاڵۆز (Verhedderung) هەیە، کە هزر تیایدا تێکدەئاڵێ بەزمان و لەنێو زمانیشدا، تێگەیشتن ژێرتر: دەبێ (بەزمان لە یارییەکەیدا لەگەڵ خۆی) لای (فوهر) مانا هەمیشە شتێکی دیکەیەو پەیام و ئاماژەیەکە بۆ خاڵی دابەشبوون و جیاوازی (Die Bru Zu-sammenburche) دارمانی زمانە (ل١٩-٢١٨) بەمجۆرە رۆمانەکە، ئاماژەیە بۆ ژێربێژی و دەستڕەنگینی لە سازدانی دەقەکە وەک تاکە ئەرکی تێگەیشتنی و وەک پرۆسەیەکی سەربەخۆ لە پێشکەوتن و وەک وێنەیەک لەوێنەی خۆی، درۆ False، بەڵام لای کێ؟ مەبەستی (فوهر) لە وەڵامێکی بۆ فەیلەسووف (ئێرنست بلوخ) چاکتر ئاشکرا دەبێ (ئەی پرۆفیسۆر، لەگەڵ رێزمدا بەیارمەتیت، ئێمە لەوانەیە بمانەوێ بەمێشکی خۆمان بیربکەینەوە کە تیایدا هێشتا شەڕ لە خێر جیانەبۆتەوە) (ل٣٣٠). کاتێک رۆمانەکە فۆرمێکی ئەدەبی و میتۆلۆژی بە خۆوە دەگرێ کارەکەی کتومت ئاماژە بۆ (Verphatzuny) دەکا، واتە ئاماژە بۆ تەسککردنەوە و (بەتایبەتیکردنی راستی Exclusivation of trut) ئاسایی دەکات کاتێک دەخزێتە نێو هەندێ نموونەی تەواو . (کتێبی درۆ) لە پێنج بەش پێکهاتووەو چیرۆکەکەی لە رۆژگارێکی وەک ئیمرۆی (میونیخ) روودەدات لە (Fielizchplatza)و لە ئەندێشە قووڵەکەی کە ناسراوە بە (رۆژی ئازادی میونیخ). نەخشە تۆپۆگرافییەکەی (رووپێوەکەی) هاوسەنگە لەگەڵ رۆمانەکەدا، کە دەقەکە دەگۆڕێت بۆ (نوکتەیەکی) تۆپۆگرافی (لە دژی میونیخێکی دیکە).

ئازادی (Platza)، رەهەندێکی (جنۆکە) ئامێزی تەواو دەبەخشێتە (راستی). باڵەخانەکان و ئەپارتمێنتەکان و بانکە راستەقینەکان، نافورەکان و میترۆکان و سەکۆو شەقامە پان و بەرینەکان بە پێوەرەکانی نووسەرەکە دەپێورێن، وەک (تاوەری یاری چاوشلکێ و خۆشاردنەوە لە مردن)، بیابانی تەواو، ماڵی مانگی تەواو، پەیکەرەکانی فرۆیدو هیگڵ و مارکس، گۆڕەپانی سوور، ژێر زەمینی مۆزەخانەی بۆمبا، هەنگاوە ئیسپانییەکان، پەرستگای فیداس، کەشتی ڤایکینگ، تیرانۆڤا، گوێچکەی دەرزی، شانۆی بووکە شووشەکان، شوێنەواری تەروادە، نانەواخانەی ستراسنکی، ئەوەی پێی دەڵێن ئیلیساریۆم کە دوو جۆرە: جیهانی پاک و جیهانی پیس، دۆمینۆس فیلڤیت چاپل، بابەتی ئور، قەڵاتی بارۆنە دزەکان، ستۆدیۆ ٥٤، پیسیۆر (Pissoir)ی فەرەنسی،

کاسبا، کڵێسەی نۆرنیلۆخ. لەم شوێنە سەیرانەدا ئەکتەرەکان سەر هەڵدەدەن، وەک (پیتەر ڤۆن بێکەر) کە پێشنیاردەکا گوایە لەوانەیە خزمودۆستیان لە (پێنڤیسیلا) هەبێت کە خاوەن شانۆیەکەو ئەکتەرەکان (پیاو و سەگ و ئافرەتن) کە هی (هیرنریخ ڤۆن کلیست)ە و ئەکتەرە سەرەکییەکانی فانتازین، کە چێژ دەبەخشنە هەندێ شێوەی نامۆی بێ سنوورو بەدناو و جوولاًنەوەی بێ وچان و زۆربەشیان سەگن (رۆمل پەڤ، پۆپس، هانزڤۆن، شتاین، ناتالی، ژین دی ئارک. جۆری بوونەوەرەکان ئەوەندە زۆرن، بەرادەیەک خوێنەر ناتوانێ فریای گۆڕانکارییەکانیان بکەوێت و لێی ون دەبن، لە رۆحێکی کەرنەڤاڵیداو لە گروتینێکی شانۆییداو لە دەرەوەی دەق و ژینگەکەیدا، ئەمجۆرە بوونەوەرانە وادیارە بەئازادی دەجووڵێنەوە (بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانیاندا بەزمان) (ل٥٤٣): دژی (دلۆپە فیلێک) و دروومانە رەوانبێژییە ژیرەکەو کەژاوەی توندڕەوە فێمینستەکان و خاوەن هزرە ئەندێشەییەکان کە کارەکتەری جیاوازی رۆشنبیری بەخۆیانەوە دەگرن، لە هایدگەرو جۆن واین و بۆرخیس و فۆکۆو تراڤۆلتا، ستیڤن سپیلبرگ و بەلیمینستەر و فۆلەرو فۆنتان و فریتزماوشنەرو ژنەکەی و ئەنتیگۆن تا عیسای مەسیح. ئەوانە ئازادانە کاردەکەن و تێکەڵی یەک دەبن و پێشبینی تیۆری Hypothesis دەکەن هەر لە (گەشت و گوزارییەوە تا لەبیر چوونەوە). ئەم (Weltheater)ی هەوارگەی بیرەوەری و یادگارییەکان بوار دەڕەخسێنێ بۆ دیدە سەرکێشەکانی ئێگزیستانسیالزم (بوونخوازی) و ئاپۆکلیپایس (رۆژی حەشر)و تراژیدیای گریکی (یۆنانی)ی شانۆگەری تراژیدی و فەلسەفەی گشتگەر (تۆتالیتار)، گرووپی سێکسی، شیعرو رۆمانسیەت، کوشتن، وێڕای تەوەرە بەردەوامەکەی، سەگەکان کە (میرنشینی مەترانەکان بەبارمتە دەگرن). بابەتەکانی ئەم رۆمانە، خۆشەویستی و مەرگ و ئازارو مەینەتی و بێ کاتیبە، بیرکردنەوەو راستییە، بەڵام بابەتە سەرەکییەکەی زمانە، پاش ئەوەی رۆمانەکە بەزمان خۆی بەڕێوەدەبا، رستەیەکی رۆشنی تۆقێنەر لەنێو دێرە ئەندێشەییەکانەوە، رۆمانەکە دەتاسێنێ: (ژین بیووره، رەوشت چییە؟)، (رۆسا: شتێکە وەک ئەوە: راستی لای تۆ شتێکی مشتومڕی لەسەرە، بۆ نموونە تۆ دەتەوێ لە راستی هەواڵێک بگەیت، کاتێک تۆ لە بەرامبەر سکرینی تەلەفزیۆن دانیشتووی و سەیری هەواڵە دڵتەزێنەکانی جیهان دەکەیت کە تەنها لەدوورەوە سەیریان دەکەیت و لە تاوان دەلەرزیت.. تۆ ئەمەت کردووە. تێگەیشتی؟)

دەروازەیەکی ترسناک کراوەتەوەو تیایدا سەگەکان بەجلوبەرگی کاردینالّ و قەشەو مەترانەکان ئامادە دەبن تاکو بزانن جوولەکەکان چییان بەسەر دێت لە جەنگی دووەمی جیهاندا: (کارێکی بێهوودەیە هەرشتێک لێرە بخەینە ئەستۆی خۆی، بیرترام وتی و سەیری خوارەوەی کرد، قەشەی (ئۆسنابروگ)، بیرنینگ- هەندێ هەنگاو چووە پێش بەبێ گوێدان بەئاکامی ئەم کارەی (....) هەروەک دەزانی من سەردانی تۆم کرد لە ١٣ی نۆڤەمبەری ١٩٤١ و پرسیارێکم لێت کرد، دەربارەی پەراگەندەکردنی جوولەکەکان بۆ رۆژهەلاًت، بەپێی دابونەریتی کڵێسەی کاسۆلیکی رۆمانی من فەرمانم دا بەپیاوەکانم لە (بریسلاو) کە ئاگایان لە خۆ بێت، دەبێ ئێمە خۆمان دوورخەینەوە لە (...) من بەهەموو دڵ و گیانم رازی بووم بەپەراگەندەکردنیان (...) بەپێی بیروباوەڕی مەسیحی، ئێمە هیچ نەبێ دەتوانین بڵێین کە کورسی پاپایی هەوڵی داوە مامەڵەیەکی چاکتر لەگەڵ ئەو مەسیحییانەدا بکرێ کە ئاری نین (...) من لە بیرمە کە نیوە زمانێکی وەک (فاولهاربەر) (...) وتی گەنجێتی و شانۆ

کارەساتە، من ڤیژاندم، (پاپکان)، ویستیان بزانن چی ڕوودەدات (Wassiehhapspete) من دووبارەم کردەوە، ڕاگوازتنی جوولەکەکان بۆ ڕۆژهەڵات) (ل٣٢-٢٣١). ئەم دەروازەیە بەگۆرانیە (سێرک) ئاساکە نمایشدەکرێ: (جیهان کۆتایی هات) و سوودو ئەرکی زمان سەراوژێر دەبێ و خودی زمانیش دەبێتە بۆڵەبۆڵ و منەمن، ڕووداوەکان وەک کەف بەسەر ئەوشتە هەڵدەگەڕێن کە پێیدەڵێن ژیان، لەوکاتەی کە چارەسەرە کۆتاییەکان وەک (فلیمەکانی هۆلیود) دەگێڕدرێنەوە و (ڕاستی بچووک دەبێ بەبووکەشووشە) لەم جۆرە ئەزموونانەدا (ئاسانە بیینی شێوەی دیکە لە گومانکردن لە ژیان)، بەڵام (فوهر) ئەمە ڕەتدەکاتەوە کە دەبێ هەلومەرجەکان بڕووخێن بۆ تاقیکردنەوەی چارەسەرکردنیان. بەپێشبینی سەخت و تۆزاوی هەستەکان، پڕۆتۆکۆڵی زمانەوانی زۆر بەتوندی دەگەڕێتەوە بۆ خودی کاری هزر بەڵام لەنێو ڕۆحی -Fritzsch pLatz) دا کە شتێکە تیایدا هەست و ناهەست ئاماژەن بۆ بیروبۆچوونەکان.. (فوهر) ئەم ئیشارەتانە دەوروژێنێ کە فشار دەخەنە سەر خوێنەر تاکو لە دەرەوەی (دەروازەکانی سنووردار) لە پەیوەندییەکانی بکۆڵێتەوەو لە گۆڕانکارییە دژوارو تەلیسماوییەکانی بگا، تەنها پەتێکی سادە بەکاردەهێنرێ بۆ مەبەستی نووسەر لە سنوورە نێودەوڵەتییەکان. ڕۆمانەکە بەم دەروازەیە دەستپێدەکات: من هاتمە سەر سنوور کە تیایدا پەتەکە شۆڕ ببووەوە، بۆ سەر ملی ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکان لێیدا سەرهەڵدەدەن، من وتم: بێگومان من تەنها ئەو شتە دەڵێم کە دەیزانم، چونکە من یەکێکم لەوانە کە بانگهێشت دەکرێن بۆ بینینی ئەم ڕووداوانە، بێگومان لەم ڕێگایەدا هەر بەتەنیام لەم بارودۆخەداو لەم کاتەدا، کە ئەوان بەکاری دێنن بۆ ئەم سنوورە، من بانگی دوو پۆلیسم کرد ئەوانە کە دەبێ پەتەکە بەرزکەنەوە، یەکێکیان بەلای چەپ، ئەوی دیکەش لە لای ڕاست، بەتەواوی لەو خاڵەی کە من دەمەوێ لەسەر بوەستم پەتەکە دەوەستێنێ، (ئالێرە پەتەکە دەپسێ) یەکێکیان وتی: ئەوی دیکەش سەری دانواند، من هیچم نەگوت، وەستام، (تۆ ناتوانی لێرە بمێنیتەوە)، ئەوی دیکە وتی: من سەیری سەرەوەم کرد، یەکێکیان وتی: (وا سەیر مەکە) منیش چاوم نزمکردەوە (گوێ لە هیچ مەگرە)، ئەوی دیکە وتی: (وەک ئەوەی کە لە هیچ شتێک ناگەی، یەکێکیان وتی) لەسەر تەختە ڕەشێکی بچووکدا نووسەر ئەم وشانە دەنووسێ، (لە دیمەنی یەکەمدا ئەڤینی هەیەو/ ئاگایی دەستپێدەکات، بەراستکردنەوەی ئەو شتەی کە دەڵێ: ڕاستە مێژوو توندوتیژی دژی هەر گۆڕانکارییەکە کە ناگونجێ لەگەڵ سەرەتادا..) ئەم ئەڤینییەش کە لە دیمەنی یەکەمدا هەیە زمانە (زمان ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، لەبەرئەوە زمان یەکەم خۆشەویستمە)(ل٤٠). نووسینەوە ئەزموونێکە لە ئەڤینی، بەڵام (گیرترۆشتاین) (لەسەر یاسایەکی ڕێکەوتی وەستاوە بەتەواوی لەسەر پێشبینی وەستاوە، بەڵام لە ڕۆژگارێکی وەک ئێستاماندا نییە). (فوهر) ئەگەری بوونی زمانێکی بێ سەرچاوەو بەڵگەنامە وەک خەون پێشنیار دەکات: (بیوورە ئێمە لێرە خەون نابینین، لەجیاتی ئەوە ئێمە بیردەکەینەوە وەک خەونێکی وردبین و ژیر) ئەوە کارەکتەرێک دەیڵێ لە (ل٤١)دا ئەم سەرهەڵدانەی خەونی یۆتۆپی بۆ شڵەژاندنی تیۆری (فرۆید)، دەربارەی ئاستەکانی عەقڵ نییەو بۆ ئەو نووسەرەش نییە، کە پێدادەگرێ لەسەر (ئارەزوو و پەرۆشی گێڕانەوەیی -Narra tion) (لاکان)، هەرچەندە (لاکان) خۆی یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ئەم کتێبە، نووسەر لێرە ئاماژە بۆ کاری نووسینەوەی چیرۆک دەکات، وەک کارێکی

خۆگرو هزرێکی خۆڕاگر، کە باوەڕ بەخۆی دەکات وەک زمانێک کە ئیشارەت Signو پەیوەستە بەلێوارو ڕەهەندو دەروازەکانی چیرۆک، ئەم خەونەی زمان - کە لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەیەکی ڕێکوپێکە بۆ هەڵەکان و ستراتیژێکە بۆ ڕەتکردنەوەی هزری پێشینەیی Prior- بەیەکجاری ڕادەکا لە ژیانی کوشندەو بەشێوەیەکی خۆڕسکیش مەحاڵە. زمان خۆی (پەتە شۆڕکراوەکەیە) کە گوزاشت لە خۆ ڕزگارکردن دەکات، کە هەستی پێناکرێ - لە بنەماو پرەنسیپەکانی ناسنامەی تاک idividual identity، دەروازەکانی سنووری (فوهر) ئەگەری بوونی ئامرازێک پراکتیزە دەکات - وەک سەرچاوەیەک کە لە هەمان کاتیشدا جەخت لەسەر نەهێشتنی خودی ئەم سەرچاوەیە دەکات: (با یارییەک بکەین کە زۆر کۆنە، کە تێیدا یارییەکی هەرە نوێ دەکرێ، کە پێکهاتووە لە یارییە ڕەوانبێژییەکانی Rhitorics ئێمەمانەدا. لە سەرەوەی هەموو شتێک ئەم یارییە بەدوای چرکەیەکی بروسک ئاسا دەگەڕێ، کە زمان لەنێویدا لۆژیکێکی ڕاستەهێڵی Linear Logic دەورەی دەدات، یاخود بەندی دەکات و لەوانەشە وەرگەڕێ بۆ شتێکی وەک خەون: شەڕە تەڕەزانییەکەی سەگەکان لە ڕۆمانەکەداو پێشبینییە سەگایەتییەکانیان و هۆڕێنەکانیان، گوزارشت لە (دادا)ییەکی زارەکی و ڕەوانبێژیی حەپەحەپەکانیان دەکەن). ئەم سەگانە گفتوگۆ لەسەر سروشتە مەحاڵەکەی شتی درۆ و شتی ڕاست دەکەن: (ئێمە ئاماژە بۆ شتێکی درۆ دەکەین، کە هیچ شتێک نییە، بەڵکو پێچەوانەی خۆیەتی و خودی خۆیەتی، لەبەرئەوە دەتوانین سوودی لێوەرگرین، ئێمە ماوە بەهەموو شتێک دەدەین کە نایزانین و تاقیمان نەکردۆتەوە.

چەند ناسەنگینە ژیان لەکاتی دەسپێکە کوشندەکەیدا: زنجیرەیەک لە هزر بازدەداتە ناو بۆشاییی... ئێمە لە تاوەرەکانەوە دابەزین تاکو لە یەکەم هەنگاودا تێبگەین لە شێوە کاتییەکەی هەلومەرجەکە، ڕستەکانمان هیچ شتێک چارەسەر ناکەن، لەبەر ئەوە ئێمە ئاخاوتنمان دوورە لە زانین کە پێش ئەوەی سەرمان ببڕێ بەبێ ئاخاوتن دەمانگەڕێنێتەوە (.....). شتێکی زۆر تاریک هەیە لەناو ئەم شۆڕبایەدا: پەڵە ڕۆناوییەکان. زمان وەک ئامرازێکی بێ ئاماژە خۆی دەسڕێتەوە، بەڵام هەروەها گوزارشت لە جیهانێک دەکات کە ماوە دەدات خورافاتی Fable خۆمان بزانین، ئەم خورافاتەش ئەو باوەڕەمانە بەبوونمان. ئەم جۆرە زمانە شتێک دەرێسێ کە بەڕاستی ناسروشتییە یان بەشێوەیەکی ناسروشتی ڕاستە) لە کۆتاییدا، پەتەکە شۆڕدەبێتەوە و دوو پۆلیسەکەش پێکەوە دەست لەناو دەست پێدەکەنن.

هەرچۆنێک بێت ئەم (کتێبی درۆ)یە هی کارەکتەرێکە کە ناوی لە خۆی ناوە (PAW) پۆل فوهر)، دەڵێ (من سەرتاپام و بەروون و ئاشکرا ئالۆزم) (ل۳٤۹). لەڕاستیدا نووسەر لەم ڕۆمانەیدا، ئاماژە بۆ ئیمپراتۆریەتێکی یۆتۆپی دەکات و شانازی بە نەوە ئەفسانەییەکەی دەکات (بارۆن ڤۆن میونیخ هاوسن) کە گیراوە بەخۆی و بەئەسپەکەی لەناو لە خاکێکدا و ناتوانێت بجوولێ، بەڵام بەئاسانی و بەسەر بڵندی دەرباز دەبێ بەلیچکی سەرپۆشەکەی خۆی: هونەر مەملەکەتی Monarchy ئازادییە (سەروەرییە لەناو بۆشاییدا) هەروەک (هنری جێمس وتی.

**سەرچاوە:**
وەرگێردراوە لە ئینگلیزییەوە:
Border crossing: wher's The False Book
By: Ermute wenel white
Amsterdam,1987